# کوردستان...زیندانێکی گەورە

**بەشدار عەلی**
bashdar_net@yahoo.com



حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا رێک کەوتوون کە پەنابەرانی کورد بەزۆر بگەڕێننەوە بۆ کوردستان، لەچەند مانگی رابردوو ژمارەیەکیان بەدوو وەجبە گەڕێندراوەتەوە بەنیازن لەم نزیکانەش ژمارەیەکی تر کە کارتەکانیان بەفێڵ لێوەرگرتوونەتەوە بەکەلەپچەکراوی، رەوانەی فرۆکەخانەی هەولێر بکرێنەوە.

ئەمە ناوەڕۆکی بەیاننامەیەکە کە سکرتێری (فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی) ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کردووە و لەدواین دانیشتنی وەفدی ئەم رێکخراوە لەگەڵ پەرلەمانی بەریتانیا لە ئەنجامی فشاری بەردەوامی رێکخراوی ناوبراو ئەم نهێنیەیان بۆ درکاندوون.

من زانیومە ئینسان تەنها بەزۆر راپێچی زیندانەکان دەکرێت، ئەمجارەش ئەوە سەلمایەوە کە کوردستان زیندانێکی گەورەو کەس حەزناکات لەم زیندانەدا ژیان بکات و ئەگەر پاسەوانەکان لەبەر دەرگا نەمێنن تەنها یەک زیندانیش لەنێو ئەم بەندیخانەیە نامێنێت.

بەکورتیەکەی ئەوەیە خەڵک دەیەوێت بژیت، نایەوێت هەموو ساتەکان ویژدانی ئازاری بدەن، نایەوێت چارەنووسی بدرێتە دەست قەدەرو یاری بەچارەنووسیەوە بکرێت، نایەوێت دەست و پەنجەکانی زنجیربکرێت، نایەوێت لە ژەمی خواردنی بەیانی دڵنیا نەبێت، نایەوێت حەزو ئارەزوو هیوایەکانی بخرێتە ژێر گڵ و وەکو کۆیلەیەک سەیر بکرێت، نایەوێت......

هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون سەرەتاترین مافی هەر مرۆڤێکە کە بیەوێت لەکوێ بژیت و لەکوێ نەژیت، ئەم رێکەوتنە دژی هەموو بەها ئینسانی و ئەخلاقی وسیاسیە نێو دەوڵەتیەکانە و ئەنجامدەرانیان کارێکیان کردووە دژی کۆمەڵگایە بەگشتی.

بوونی ئەمن و ئاسایش و باشبوونی ژیانی خەڵک و بەرەوپێش چوونی......بیانوو هێنانەوەیەکی پوچ و بێ بنەمان.

ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد خەریکە خەڵکی کوردستانیش پەلکێشی نێو ئەم شەرە خوێناویە دەکات کە عێراق بەگشتی تێیکەوتووە، چارەنووسی خەڵکیان تەسلیم بەهێزگەلێک کردووە لەبەغدا کە تەنها لەسەرناوی ئینسانەکان سەر لە جەستە جیادەکەنەوە و گۆمی خوێن بەرێدەکەن، ئایندەیەکی لێڵ و تاریک چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان دەکات بەتاییەت دوای ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوشەرەکە و لایەنگری بۆلایەک.

هەروەها ئاستی بژێوی خەڵک لە جاران زۆر خراپترو نالەبارتربووەو هەموو سامانی وڵات بەدەست چەند کەسانێکەوەیە، ئەگەر لە خێزانێک هەموویان کار نەکەن ناتوانن بژین و کەلوپەلەکان چەند بەرامبەر بۆتەوە......

مووچەی دوومانگی گەنجێکی تازە دامەزراو دوای واسیتەیەکی گەورە تەنها ژەمێک خواردنە لە شیراتۆن و سلێمانی پالاس لەگەڵ 10 سەعات خەوتن!، زۆربەی هەرە زۆری خەڵک ژیانیان چەندان میل بۆدواوە گەراوەتەوە فریای هیچ شتێک ناکەون بەدەست نەبوونی نیشتەجێ بوون و بێ کارەبایی و بێ سووتەمەنی و بێ ئاوی، گیریان خواردووە. زستانان لەناو قورولیتەی گەرەکەکان نقوم دەبن و هاوینانیش تۆزو خۆڵ گێژیان دەکات و سەرەتاترین پێداویستیەکانی تەندروستیش دەست ناکەوێت لە نەخۆشخانەکان. ژیانی شاهانەو فیرعەونانەی بەرپرسەکان و دزی و راوو رووتی لە رادەبەدەریان، ئێش و ئازارو بێزارییەکانی زیاتر قوڵ کردۆتەوە.

ئازادی رادەربرین و مافە فەردی و مەدەنیەکانیش وەکو ساڵانی پێشتر بونێکی نیە و رۆژ لەدای رۆژ بەبریارو کردەوەکانیان دارزیوترین فەرهەنگ بەسەر خەڵکدا تۆخ دەکەنەوە.

دوای باس کردنی ئەم واقیعانە کە ئێمە رۆژانە بەناچاری دەبێت ئازارەکانی بچێژین،. رێگا خۆشکەرەو هانماندەدات کە ئەم مەملەکەتە جێ بهێلین و ناحەقمان نیە کە وەکو زیندانێک سەیری بکەین و چاوەڕوانی دەرفەتێک بکەین بۆ دەربازبوون، ئەگەر کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکسان و خۆشگوزەران بوونی هەبێت ئەوا هیچ کەسێک پێی خۆش نیە دوورلە خێزان و دۆست و خۆشەویستانی بژیت. ئەمەش پێویستی بەکرداری پراکتیکی خێرا هەیە کە دەسەڵاتداران بنکەو بارەگاکانیان لە بەغدا بکێشنەوە و بگەرێتەوە کوردستان و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان رابگەیەنن و یاساو دەستوورێکی مۆدێرن و شارستانی کار پێ بکەن و مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵک لەنێو ئەم دەستوورە خاڵێکی سەرەکی بێت.